# وانەی دووەم

## - ڕاستیەكان دەربارەی جیاوازی تاكایەتی :-

دەربارەی جیاوازی تاكە كەسیی چەند ڕاستیەك هەیە ، دەتوانین بەم خالآنە بخەینە ڕوو:-

١. جیاوازی تاكە كەسیی لە سیفەت و توانستەكانی مرۆڤە لە ڕووی چەندێتی یەوە پێوانە دەكرێت نەك چۆنیەتی ، بۆیە دەتوانین بە نمرە پێوانەی بكەین .
٢. چۆن جیاوازی لە نێوان تاكێك بۆ تاكێك هەیە ، بە هەمان شێوە جیاوازی لە نێوان خودی تاكە كە هەیە ، ئەم جیاوازیەش دەگۆڕێت بە پێی تەمەن و قۆناغەكانی ژیان .
٣. تایبەتمەندیەكانی مرۆڤ و سیفەتەكانی بە شێوەیەكی سروشتی دابەش كراون .

## - ئەو هۆكارانەی كەوا كاریگەریان هەیە لەسەرجیاوازی تاكایەتی: / فاكتەرەكانی جیاوازی تاكایەتی:

وەك هەموو دیاردەكانی تری ژیان، هەردوو هۆكاری بۆماوەو ژینگە بەرپرسن لەجیاوازی تاكایەتی:

١- **بۆماوە:** ئەو كۆمەڵە فاكتەرانە دەگرێتەوە كە لەدایك و باوكەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ و پرۆسەی فێركردن هیچ ڕۆڵێكی تێدا نیە. بۆ نموونە جیاوازی تاكی لەنێوان (نێرو مێ، درێژو كورت، ڕەش و سپی، ڕەنگی چاو... هتد) بۆ هۆكاری بۆماوەیی دەگەرێتەوە.

٢- **ژینگە:** ئەو فاكتەرانەن كە مرۆڤ لە دەوروبەرەوە وەریدەگرێت كە كاریگەریان بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لەسەر بۆماوەیی تاك دەبێت، بۆ نموونە (حەزوئارەزوو، داب ونەریت، ڕەفتارو هەڵس و كەوتی فێربوو.. هتد) بۆ ژینگەو دەوروبەر دەگەرێتەوە.

**ژینگە دەكرێت بەدوو بەش:**

- ژینگەی خێزانی (ئاستی فێركاری، ئاستی گوزەران.... هتد ).

- قەبارەی خێزان: توێژینەوەكانی (فیرنون ١٩٥٠) ئەوەیان دەرخستووە كە ژمارەی منداڵەكان لە خێزاندا پەیوەندیان بە ئاستی ژیریەوە هەیە، بەجۆرێك منداڵی خێزانە گەورەكان كەمتر ژیرن لە منداڵی خێزانە بچووكەكان، ئەمەش هۆیەكەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی كە خێزانە گەورەكان لەبری وروژاندنی هزری و مەعریفی كەمدەكاتەوە كەبەری دەكەون، هۆكاری ئەمەش كەمی كالێكردنە لەنێوان باوك و منداڵەكانی كە بەنەرێنی كاردەكاتە سەر ژیری منداڵەكانی.

⋆ لەڕاستیدا هەردوو هۆکاری بۆماوەو ژینگە بەیەکەوە لەئەنجامی کارلێکی نێوانیان جیاوازی تاکایەتی دروست دەبێت.

⋆ ئامادەباشی بۆ قسەکردن بۆماوەییە، بەڵام بۆ ئەوەی کەسەکە توانای قسەکردنی هەبێ پێویستی بەکەسانی تر هەیە بۆ ئەوەی ئاخاوتنیان لەگەڵ بکات.

**هەندێك فاکتەری لاوەکی ترمان هەیە وەك:**

- **رەگەز:**

توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کەجیاوازی تاکی بە تاکی نێرینەو مێینە کاریگەرە، توێژینەوەکانی ئەزموونی وایان نیشانداوە کە گەشەکردنی هزری لای مێینەکان بەرزترە تا تەمەنی هەرزەکاری، لە قۆناغی هەرزەکاری دا نێرینەکان لە گەشەکردندا زیاتر دەبن، دواتر ئاراستەکانیان لێك نزیك دەبنەوە لە گەشەکردنی هزری بەتایبەتی زیرەکی.

توێژینەوەی زۆر کراوە دەربارەی زیرەکی زیاتری نێرینەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ بارودۆخی ژینگەیی گەڕاندۆتەوە.

- **تەمەنی مرۆڤ:**

لەگەڵ گەشەکردنی تەمەنی مرۆڤدا شارەزاییەکان زیاتر دەبن و کەڵەکە دەبن لەگەڵ زیاد بوونی تەمەن. جیاوازی تەمەن لەنێو خەڵکیدا دەشێت جیاوازی پەیدا بکات لەڕووی شارەزاییی و زانیاریەکان، ئێمە ڕەنگدانەوەی ڕابردوومان نین لەڕەفتاری ئێستامان، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك ڕابردوویەکی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەرچەندە ڕووداوەکانی ڕابردوو زیادی کرد بە گوێرەی ئەوە جیاوازییەکانی تاکی نێو خەڵکی زیاد دەکات.

- **ئاستی ژیری و زانینی:**

زۆر لەو زانایانەی کە توێژینەوەی ئەزموونیان لەم بوارەدا کردووە بەوەی کە هەرچەندە کردارەکانی ژیری زیاتر ئاڵۆز و قورستر بێت، بە ڕادەی ئەمە جیاوازییە ژیرییەکانی نێو تاکەکان زیاد دەکات.

## - جۆرەکانی جیاوازی تاکایەتی:

### ١. جیاوازی تاکی لەناخی مرۆڤ (قۆناغەکانی ژیان، ڕاهێنان..)

ئەم جۆرە جیاوازییە لە ناخ و خودی مرۆڤ خۆیدایە، بۆ نموونە ئەگەر بەراورد لەنێوان قۆناغەکانی ژیانی هەریەکێك لە خۆمان بکەین ئەوا جیاوازیەکی گەورە درك پێدەکەن ( واتە جەستە و کێش و درێژی و زیرەکی و کەسایەتی مرۆڤ لە قۆناغی منداڵی بە جۆرێکە کە زۆر جیاوازە لە جەستە و درێژی و زیرەکی و کەسایەتی لە قۆناغی هەرزکاری هەروەها گۆڕانگارییەکان لە قۆناغەکانی تریش زیاتر دەبن واتە جیاوازی تاکی لەلای یەك کەس بە پێی تەمەن و قۆناغەکانی ژیان دەگۆڕێ.

لەلایەکی تریشەوە گۆرانگاری و جیاوازی لە یەك قۆناغیشدا هەر هەیە بۆ نموونە ئەگەر تواناکانی هەریەکێك لە ئیمە بپێوین ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیان هەست پێدەکەین، واتە لەوانەیە یەکێك توانای بیرکاری یان کۆمەڵایەتی زۆر زۆر باش بێت بەڵام توانای هونەری زۆر لاوازە، لە کاتێکدا توانای جەستەیی و جووڵەیی مام ناوەندییە کەواتە توانا جیاجیاکانی هیچ کەسێك لە یەك قۆناغدا وەك یەك نین بەڵکو هەندێکیان زۆر باشە لە هەندێکی تریان مام ناوەندی و لە هەندێکی تریشیان لاوازە بەڵام گرنگ ئەوەیە لە رێگەی پێوانەکارەکانەوە تواناکان بپێورێن و برِو رێژەکانیان دیاری بکرێن.

### ٢. جیاوازی تاکی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ (زیرەك، مامناوەند، کۆمەڵایەتی، شەرمن، ترسنۆك ..)

ئەم جۆرە جیاوازییە زۆر بە ئاسانی لە ژیانی رۆژانەدا هەستی پێدەکەین، بۆ نموونە هەریەکێك لە ئیمە ئەگەر سەردانی یەکێك لە باخچەکانی ساوایان یان قوتابخانەیەکی سەرەتایی بکات، بە ئاسانی هەست بە ئەو جۆرە جیاوازییە لە نێوان منداڵەکان دەکات، دەبینین هەندێکیان درێژن هەندێکیان کورت یان مام ناوەندین، هەندێکیان زۆر کۆمەڵایەتی و هەندێکی تریان شەرمن، هەندێك زۆر زیرەك، هەندێکی تر مام ناوەندی یان کەمتر لەمام ناوەندی، سەرەڕای جیاوازی شێوەو ستایلی بیرکردنەوەو خاسیەتەکانی کەسایەتیان.

کەواتە جیاوازییەکی زۆرو بەرچاو لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، جیاوازی تەنها لە لایەنی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لەلایەنی عەقلێشەوە جیاوازن، بۆ نموونە هەندێك کەس لە بواری وەرزش یان هونەر سەرکەوتووە، بەڵام هەندێکی تر لە بواری کۆمەڵایەتی یان بیرکاری یان بواری میکانیکی سەرکەوتووە، ئینجا رۆڵی خێزان و خوێندنگا لە قۆناغی منداڵی و هەرزکاری زۆر گرنگە، چونکە دەست نیشانکردنی توانا و

لێهاتووەکانی منداڵ لە سەردەمی منداڵی دەبێت بە بناغە بۆ جیاکردنەوەی لە کەسانی ترو ئاراستە و ڕێنمایکردنی بۆ بواری گونجاو لەگەڵ توانا و بەهرەکانی چوون یەك بێت.

٣. جیاوازی تاکی لەنێوان کۆمەڵ و گروپەکان (ئایین، رەگەز، وێژەیی و زانستی، ڕەش و سپی..)

کاتێك کە دوو کۆمەڵ و گروپی جیا بە یەکتری بەروارد دەکەین ئەوا لە زۆر لایەنەوە جیاوازن، بۆ نموونە کاتێك بەروارد لە نێوان نێرو مێ دەکەین ئەوا دەبینین کە لە لایەنی جەستەیی و بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی و هۆرمۆنی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە جیاوازن و هەر توخمەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، هەروەها کاتێك بەروارد لە نێوان رەش وپێست و سپی پێست یان چین و توێژی دەوڵەمەندو هەژار یان ولاتەکان، ئەوا هەست بە جیاوازی دەکەین، واتە هەر لایەن و گروپێك هەندێك خەسڵەت و خاسیەت و رەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەلایەن و گروپەکانی تری جیادەکاتەوە.

❖ **گرنگی جیاوازی تاکەکەسی لەپەروەردە و فێرکردن:**

١. ئامادەکردنی پرۆگرام کەبگونجێت لەگەڵ توانا و ئامادەباشی قوتابی.
٢. بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لەچالاکی و بەرنامە کەبگونجێت لەگەڵ ئاستی قوتابی ، بەلەبەرچاوگرتنی بەهرەمەندان و پێشبڕکێی زانستی ، وانەی بەهێزکردن ، بۆ ئەوەی پێویستیە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان بەجێبهێنێت.
٣. زانینی ئەم جیاوازیە یارمەتی ئاراستەکردنی قوتابی دەدات بۆ هەڵبژاردنی پسپۆریەکی گونجاو بەپێی توانا و ئامادەباشی و مەیلیان.
٤. هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا و چالاکی و بەرنامەی زێدەکی.

❖ **ئەو هەنگاوانەی یارمەتی مامۆستا دەدات لەجێبەجێکردنی جیاوازی تاکەکەسی لەناو پۆلدا:**

١. پێداچوونەوەیەکی خێرا بەبابەتی وانەکە بکە پێش وانەکە بۆ بەستنەوەی بابەتی پێشوو بەئێستا.
٢. پێشکەشکردنی نموونەی جۆراوجۆر بۆ هەر چەمکێکی نێو وانەکە.
٣. گرنگیدان بەشیکردنەوە و بەراوردکردن.
٤. جۆراوجۆرکردنی بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری ( نەخشە ، وێنە ... ).
٥. دابەشکردنی قوتابی بۆ گروپی بچوك بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتری بدەن لەگۆڕینەوەی بۆچوون و فیدباك.

٦. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ زانینی ڕادەی ئامادەباشی قوتابی لەفێربوونی کارامەییەك یان زانیاریەکی نوێ.

٧. بواردان بەقوتابی بۆ هەڵبژاردنی ئەو چالاکیەی دەگونجێت بۆی لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا بۆ ئەوەی بتوانێ بۆچوون و مەیلی دەرببڕێت ئەویش: گۆڤار ، پۆستەر ...

٨. پێشکەشکردنی چالاکی ڕاهێنراو بۆ ئەو قوتابیانەی کەوا پێویستیان بەکاتێکی زیاتر و ڕاهێنانی زیاترە یاخود ئەو کەسانەی کەپێویستیان بەشرۆڤە و ڕوونکردنەوە هەیە بۆ تێگەیشتنی بابەتی نوێ، وەك بابەتی وەرزشی.